SO

# ڕاپۆرت: دەستڕاگەیشتن بە پەنابەری لە ویشکانی یۆنان

MOBILE INFO TEAM

Refugee Legal Support

تیمی زانیاری مۆبایل (MIT) و پشتیوانی یاسایی پەنابەران (RLS) توێژینەوەیان لەسەر ڕێکاری پەنابەری بۆ ئەو کەسانە ئەنجامدا کە بۆ یەکەمجار داواکاری پێشکەش دەکەن و لە رئگە ی ویشکانی یۆنان، دوورگەی کریت یان ڕۆدس دەژین. ئامانج لە توێژینەوەکە تێگەیشتن بوو لە کاریگەری گۆڕانکارییەکان لە سیستەمی پەنابەری یۆنان کە لە ئەیلوولی ٢٠٢٢ هاتە ئاراوە، کاتێک دوو دامەزراوەی نوێ بۆ پشکنین و تۆمارکردن دامەزران، کە دەکەوێتە نزیک شاری سەلۆنیکی (Diavata RIC پرسگە دیاڤادا ) وشاری ئەسینای (Malakasa RIC پرسگە مالاکاسا ). چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ١٩ کەس کرد کە لە ڕێگەی سیستەمی نوێ داوای مافی پەنابەرییان کردووە و ٨ پارێزەر و پزیشکی یاسایی یۆنانی. ئێمە پرسیارمان کرد سەبارەت بە ئەزموونی خەڵک بۆ دەستڕاگەیشتن بە ڕێکاری پەنابەری و پرۆسەی سکرینکردن لەناو پرسگە RIC ی سەرزەویدا، و سەبارەت بە کاریگەرییەکانی بێ بەڵگەنامە لەسەر ژیانی ڕۆژانەیان بۆ ئەوانەی کە دەبوو بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ بکەن بۆ وەرگرتنی کاتەکەی تۆمارکردنیان.

## دۆزینەوە سەرەکییەکان

- بەگشتی **خەڵک بەزەحمەت دەتوانن زانیاری ڕوون و دەستڕاگەیشتن یان** هەبێت سەبارەت بە چۆنیەتی داوای مافی پەنابەری بۆ یەکەمجار لە ویشکانی باکوری یۆنان و بە پلەی یەکەم پشتیان بە تۆڕە کەسییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەستبوو کە پشتگیریان لێدەکردن بۆ داواکردن؛
- هێشتا **دواکەوتنی** بەرفراوان لە سیستەمی پەنابەریدا هەیە کە بەو مانایەیە کە ئەو کەسانەی یەکەم داواکاری پەنابەری خۆیان لە ویشکانیدا پێشکەش دەکەن، ڕەنگە **چەند هەفتەیەک یان تەنانەت چەند مانگێک چاوەڕێ بکەن** بۆ تۆمارکردنی داواکارییەکەیان؛



- وەڵامدەرەوەکان ڕایانگەیاند کە **بەکارهێنانی پلاتفۆرمی ئۆنلاین بۆ حجزکردنی** کات لە مالاکاسا یان دیاڤاتا پرسگەی RIC **ئەستەمە** چونکە متمانەیان نەبووە لە گەشتکردن بە تەکنەلۆژیاکە یان زۆرجار تووشی **کێشەی تەکنیکی بوون**، بۆ نموونە پلاتفۆرمەکە تێکدەچێت یان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن تا سێ و... نیو مانگ؛
- لەکاتی چاوەڕوانی کاتەکانی ناو تۆمارکردندا، داواکاران لەلایەن دەسەڵاتدارانی یۆنان وەک پەناخواز ناناسرێن؛ ئەمەش بەو مانایەیە کە لەوانەیە **لەلایەن پۆلیسەوە هەڵبگیرێن و وەک بێ بەڵگەنامە دەستبەسەر بکرێن، ڕووبەڕووی ئەگەری دوورخستنەوە لە یۆنان ببنەوە**؛
- ڕێکارە نوێیەکە بۆ داواکردنی یەکەمی پەنابەری بریتییە لە پرۆسەی پشکنین لە دوو دامەزراوەی نزیک لە ئەسینای پایتەخت و سالۆنیکی، پرسگەی مالاکاسا و پرسگەی دیاڤادا، **کە داواکاران بۆ ماوەیەکی تا ٢٥ ڕۆژ ڕاگیراون**، و ناتوانن لە دامەزراوەکە دەربچن یان سەردانکەر وەربگرن، لەوانەش پارێزەرەکانیان لە هەندێک حاڵەتدا؛
- لە کاتێکدا کە لە پرسگەی مالاکاسا و پرسگەی دیاڤادا پشک نینیان بۆ دەکرێت، داواکاران **دەست ڕاگەیشتنێی سنوورداریان بە زانیاری و یارمەتی یاسایی هەیە**، و گەرەنتی دەستڕاگەیشتنێکی گونجاویان بۆ چارەسەری پزیشکی و پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی نییە، بەتایبەتی بۆ پێداویستییە ئاڵۆزترەکان؛
- **هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ ئاڵاکردن ئەگەر لاوازییەکت یان حالە خاس** لە سیستەمی نوێدا هەبێت بۆ ئەوەی پێشتر چاوپێکەوتنێک بەدەست بهێنیت یان پشتگیری تایبەت وەربگریت؛ لە هەندێک حاڵەتدا ئەو کەسانەی کە لاوازن مامەڵەی جیاوازیان لەگەڵ دەکرێت ئەگەر لەلایەن پارێزەرێکەوە نوێنەرایەتیان بکرێت، لەوانە ئەو حاڵەتانەی کە کەسانی لاواز ڕێگەیان پێدەدرا دوای تەنها یەک یان دوو ڕۆژ لە دامەزراوەی تۆمارکردن دەربچن و پێویست نەبوو تا ٢٥ ڕۆژ بمێننەوە.

## پێشنیارەکان بۆ دەوڵەتی یۆنان

**پێشنیار دەکەین کە دەوڵەتی یۆنان کۆتایی بە بەکارهێنانی دەستبەسەرکردن بۆ ئەو کەسانە بهێنێت کە داوای مافی پەنابەری لە ویشکانی یان لە باکور دەکەن. هەروەها پێشنیار دەکەین کە دەسەڵاتداران داواکارییەکان لە ماوەی یاساییدا تۆمار بکەن و بەڵگەنامە بۆ ئەو کەسانە دەربکەن کە لە ڕێگەی پلاتفۆرمی ئۆنلاینەوە کاتێکیان بۆ حجز کردووە کە دەیسەلمێنێت کە ئەوان پەناخوازن و مافی مانەوەیان لەسەر خاکی یۆنان هەیە، بۆیە پارێزگاری لە دەستبەسەرکردنی ئارەزوومەندانە، و دەست ڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی پشتیوانی لەوانەش نیشتەجێبوون و چاودێری تەندروستی. زیاتر پێشنیار دەکەین کە دەسەڵاتداران سیستەمێک دابنێن بۆ دەستنیشانکردنی داواکارە لاوازەکان یان حالە خاس و دڵنیابوون لەوەی کە ئەولەویەتیان پێدراوە و دەتوانن داواکارییەکەیان لە نزیک شوێنی نیشتەجێبوونیان لە فەرمانگەیەکی پەنابەری هەرێمی تۆمار بکەن، و دەستیان بەو پشتیوانییە بگات کە پێویستیانە پێش تۆمارکردنی پەنابەرییان و دوای تۆمارکردنی مافی پەنابەرییان داواکردن.**